کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-8-2007 22:27 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

2007-8-8- سوید

## ئەریَ ناوی باوەگوڕگوڕە، یان باباکرکرە؟!! (بەشی چوارەم و کۆتایی) ... نەجمەدین شێخ بزێنی



دیارە لەکۆتایی بەشی سێهەمدا ئاماژەمان بەوەکرد، کەبەشی چوارەم تەرخان ئەکەین بۆ سەلماندنی پێناسەی کوردستانیەتی کەرکوکەوە، بەجۆرێک کەمرۆڤ شەرم بکات پرسیار لەکوردستانی بونی بکات!! لێرەدا بەپێویستی ئەزانم ئاماژە بەوە بکەم کەلەسەرەتای بەشی یەکەمی ئەم ووتارە من ئاماژەم بەوەکردووە، کەلەسەدا یەکی ئەو نوسەرو مێژو ناسانەشنیم کەلەسەر کەرکوکیان نوسێوە بەبەڵگەی دیکۆمێنتیەوە کوردستانیەتی کەرکوکیان سەلماندوە، بەتایبەت لەم دووابیانەدا لەلایەن یاساناسو شارەزا لەمێژوو، بەڕێز دوکتۆرنوری تاڵەبانیەوە، لەهەمو بووارەکانی یاسای و مێژوییەوە، بەشیوازێکی ئەکادیمیانەو بەبەڵگەی دیکۆمێنتیەوە، کوردستانیەتی کەرکوکی سەلامندووە! بەڵام ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە، وەک چۆن لە شەریعەتی ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا هاتووە، ئەگەر ڕوداوێک ڕوبدات و لەناوەرۆکی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێت، بڕیارو چارەسەری بۆ دیاری نەکرابیَ ئەبێت لەڕێگەی ڕیش سپی و پیاوماقولانی هۆشیارەوە سود لەدابو نەریتی کۆمەڵگا وەر بگیریَ!! واتە ئەوەی بیرو هۆشی مرۆڤی هۆشیار بەسەندی بکات. بۆیێ منیش بیرم لەوەکردەوە، ئەگەردوژمنان و نەیارانی کوردستان، بڕوا بەو هەمو بەڵگە دیکۆمێنتیە مێژویی و یاساییانە ناکەن، بفەرمون باسەیری سنورو پێکهاتەی چونیەتی دروست بونی ئەوشارە بکەین، ئەوسا هۆش (عقل) بکەین بە دادوەرو بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام بە ئویژدانەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ ئویژدانی بمریَ ئەبێت بەدڕندە، دیارە دڕندەش هۆشی نیەو ناکریَ بەدادوەر!! لێرەدا دیارە من نامەوێت بچمەوە بۆ چیای حەمرین و هێنانی سەربازانی تورک بۆ پارێزگاری کرندنی ڕێگای نێوان ئەستەنبوڵ پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی و بەغداد پایتەختی والی ئیراق، کەچۆن لەزاخۆوە دەست پێدەکات بەرەو موسڵ و هەولیرو کەکوک و دوزو کفری و جەلەولاو سەعدیە و دیالە تاکو بەغدا! چونکە ئەوانە ئەگەڕێنەوە سەر باسە مێژوییەکان، بۆیێ من ئەمەوێت سەرەتا بەپرسیارێک دەست پێبکەم، ئەویش ئەوەیە، ئایە دروستبون و پێکهاتەی شار لەدێهاتەوە، وەیابلێین گودەکانەوە دەست پیَ ئەکات، وەیا، دروست بونی دێهاتەکان لەشارەوە دەست پیَ ئەکات؟؟! ئەوەشتێک نیە کەس بتوانیَ نکۆڵی لێبکات کەسەر چاوەی دروست بون و پێکهاتەی شار لەدێهاتەوە سەرچاوەئەگرێت! هەروەکو لەبەرچاوە کەسەیر بکەی تاچەند گوندێک دروست نەبێت، ناحیە دروست نابێت، بەهەمان شێوە چەند ناحیەیێک دروست نەبێت قەزا نابێت لەقەزاکانیش پارێزگاکان، کەوابو دروست بون و پێکهاتەی شار بەگشتی لە پێک هاتەو دروست بونی دێهاتەکانی دەوروورو بەرو سنوری خۆیەوە لەدایک ئەبێت. دیارە شاری کەرکوکیش لەوبوارەدا کەس ناتوانی جیای بکاتەوە لەچونیەتی ئەوشیوازە لەدایک بونە! بۆیی ئێستا ئەوانەی چاویان هەڵنایێت بەکوردستانیەتی شاری ئاڵتونی ڕەشدا (کەرکوک) باپێشا چاوێک بە پشتێنەکەیو دەورو بەریدا بگێڕێت، ئەوساکە هەر خۆی بیرێکی مرۆڤانە بکاتەوەو، سەیری ڕەگەزنامەی دانیشووانە ڕەسەنەکەی بکات و، بەشێوەیێکی مەنتیقیانە و دور لەکینەو دڵڕەشی بەرانبەر بەگەلی کورد خۆی وەڵام بداتەوە؟!! جا بۆ ئەوەی ئەوخوێنەرە بەڕێزانەی لەدەرەوەی سنوری پارێزگای کەرکوک ژیاونو، وەیا هیێچ شارەزایێکیان نیە لەسەر پیکهاتەی دانیشتوانی سنوری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئیداری کەرکوک، بەرلەدەستکاری کردنی بەعس بەمەبەستی بەعەرەب کردنی، هەتاسەرەتای شەستەکانیش، ئەمەویت ئاماژە بکەم بەناوی ژمارەیێک لەدێهاتەکانی دەورو بەریدا، بۆ زیاتر ئاشنابون!! دێهاتەکانی وەک پشتێنەی شار، بریتیە لە: سێکانیان، گورگەچاڵ، شۆراو، سۆنەگۆلی، یاروەلی، سورەدێی خوارو، سورەدێی سەرو، دوحێلە، گورگەیی، چیمەن، قەرەهەنجیر، باشبڵاخ سەرو، باشبڵاخ خووارو، جەوەڵبۆر، خاڵەبازیانی، کەوەڵە، شیردەرە، پەنجاعەلی، ڕیجەبات، ئەم گوندانە لای باکورو ڕۆژهەڵات و باشوری شاری کەرکوک ئەگرێتەوە کەسەرتاپای دانیشتووانەکانی کردن و نەتەوەی تریان تیانیە، تەنانەت ناوی گوندەکانیش وەک والەبەر چاوە کوردین، تەنها گوندی دوحیلە نەبێت، کەئەکەوێتە نێوانی گوندی یاروەلی و چیمەنەوە کەژمارەی پانزە ماڵەعەرەبی ڕەسەن و دۆست کوردن، ماوەیێکی زیاتر لەپەنجا ساڵ ئەبێت بەهۆی مەڕ لەوەڕاندنەوە هاتونەتە ئەو جێگەیەو جێ نشین بونە! لەلایەن دانیشتووانی ناچەکەشەوە زۆر ڕێزیان لێگیراوە چونکە لەڕوی بەعەرەبکردنەوە نەهاتون، گوندەکانی تری پشتێنەی کەکوک لەلای ڕۆژئاواوەش بریتین لە: لەیلان، یەنگیجە، حەسار، تازە خورماتو، بەشیر، ترکەلان، تسن، بەلاوە، تۆبزاوە، یایچی، مەلاعەبدولا، باجەوان، ئەم گوندانەش تێکەڵەن لەکوردو تورکومان و عەرەب، لەهەندێ گوندا تورکومان زۆرینەیەو لەهەنێکیشیدا کورد زۆرینەیە، بەڵام عەرەب کەمینەیێکی زۆر لەبەر چاوەو ژمارەیێکی زۆر کەمن، لەهەمان کاتیشدا گەورە ترین گوندیان گوندی تۆبزاوایە، کەسەرتاپای کوردن و ناوەکەشی هەر کوردیە!! ئەمانە گوندەکانی پشتێنەی کەرکوکن کە ئێستاش جێگەو شوێنەواریان والەبەر چاوەو کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات! بەڵام دیارە سنوری شاری کەرکوک وەکو پارێزگا هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەتی ئێراقیەوە، زۆر فراوانە، لەباکورەوە ئەکەوێتە سەر زێی بچوک لەباشورەوە زێی سیروان، لەڕۆژهەڵاتەوە زنجیرە چیای دەربەندی بازیان بەلای باکورەوە تاکو سەرزێی بچوک بەرەو باشوریش تاکو قوپی و دەربەندی خان، لەلای ڕۆژ ئاواشەوە زنجیرە چیای حەمرین ئەگرێتەوە، بۆیێ ناتوانین بەناو هێنان ناوی گوندو شارۆچکەکانی دەرەوەی پشتێنەی کەرکوک ئاماژە پێ بکەین، کە لەسەدا هەشتای ناوەکانیان کوردین و دانیشتووانەکانیشیان کوردی ڕەسەنن! بەڵام هەمیسان لەڕێگەی دەست نیشان کردنی ناحیەو قەزاکانەوە، جۆری دانیشتووانە کانیشمان بۆ ڕون ئەبێتەوە. ئێمە لێرەدا باس لەسەرەتای دروستبونی حکومەتی ئێراق ناکەین کەلەو کاتەدا بریتی بووە لە سێ قەزا، کە قەزای حەویجە هەرناویشی لەناوا نەبووە!! باس لەسەردەمی هاتنی ڕژێمە بۆگەنەکەی بەعس ئەکەین! ئەوکات پارێزگای کەرکوک بریتی بو لە پێنج قەزا وەکو، قەزای ناوەندی کەرکوک، کفری، حەویجە، دوز، چەم چەماڵ، دیارە ئەم قەزایانە گەوەرەترینیان ناوەندی کەرکوکە، کەناحیەی تازەخورماتوو، لەیلان و، قادرکەرەم و، یایچی و پردی و، شووان و دوبز لەخۆ ئەگرێت. لە ناوەندی شار ئەوە هەمو سەر ژمێریەکانی (37، 47، 57، 67) کورد 49 نۆ لەسەدا کەمتر نەبووە، واتە بەرانبەر هەمو نەتەوەکانی تر بووە بەتەنها، کە ئەکاتە هەرە زۆرینە، لەدەرەوەی ناوەندی شار ناحیەی شوان و قادرکەرم ئەوە سەرتاپاکوردن، لەیلان کوردو تورکومانن، بەڵام کورد زۆرینەیە، تازەخورماتو تێکەڵەیە عەرەب و کوردو تورکومانن، بەڵام تورکومان زۆرینەیە، یایچی تێکەڵاوە عەرەب زۆرینەیە، دوبز کوردو عەرەبە کورد زۆرینەیە، پردێش تێکەڵەیە بەڵام کورد زۆرینەیە، چونکە دێهاتەکانی سەر بەناحیەکە بریتیە لە ساڵەیی و بیبانی کەلەسەدا سەد کوردن!! دیارە تاکو ئێرە ئەوەندەی باسمان کردووەو ڕونمان کردۆتەوە بەسە بۆکەسانی ژیرو خاوەن ئویژدان و بەشەرم، هەر وەک پێشینان وتویانە ئەوکەسەکەسە ئەلفێکی بەسە، بەڵام بەداخەوە دوژمنان و نەیارانی گەلی کورد، نەکەسایەتیان هەیەو، نەهۆشو، نەئویژدان، لەبەرانبەر مافە ڕەواکانی گەلی کورد دا!! بۆیێ ئەمەوێت کەمێک باس لەگەڕەکەکانی ناو شارەکەش بکەم. پێشا ئەمە وێت ناوی ئەو گەڕەکانە بێنم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەبەدەگمەن ماڵە تورکومان و عەرەبی تیابوبێ وەکو: گەڕەکی ڕەحیم ئاوا، ئازادی یادگار، زێوە، ئیمامقاسم، بەرتەکیە، سەیدسەروەر، شۆڕیجە، جینگڵاوە، ئەوگەڕەکانەی کەتێکەڵەن و کورد زۆرینەیە وەکو: تەپە، بڵاخ، ئیسکان، شاترلو، ئەڵماس، ئەو گەڕەکانەی کەتێکەڵەیەوکەمینەو زۆرینە زۆر لەبەر چاو نیە وەک: موسەڵا، گڵچیەکان، قەڵا، ئەبو علوک، ساری کەهیە، گاورباغی، قۆریە، قەسابخانە، حدیدیە، عەرەفە، ئەمانە گەڕەکە ڕەسەنەکانی کۆنی کەرکوکن، دیارە من باس لەپێش بەعەرەبکردن ئەکەم، کەهەتاکو سەڵەکانی 70 کان دوای هەزارو نۆسەد، تەنها ئەوگەڕەکانە هەبون!! بەڵام کەبەعس دەیان گەڕەکی دروست کردووەو عارەبی خۆفرۆشی بۆ هێناوە، ئەوە بەلای ئێمەوە بەدانیشتووانی ڕەسەنی ئەوشارە نازمێردری و مانەوەشیان لەو شارە بەناوی ئێراقیەتەوە، کەخەریکە سەربگرێ! خیانەتێکە لەکورد ئەکرێت و درێژەدانە بەسیاسەتی بەعەرەب کردنی ئەوشارە کوردستانیە، کە ئەیانەوێت بیکەن بەدوهەم شاری دابڕێندراو لە کوردستان، لەپاش شاری موسڵ، کەئەویش بەپێی سەرچاوە مێژویەکان شارێکی کوردستانیەو بڵام دەستی تاوان و داگیر کاری لەکوردستانی دابڕی!! هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەم پێکرد کەدوژمنانی کورد، نەکەسایەتی و نەهۆشو نەئویژدانیان هەیە!! چونکە کەسایەتیان ببوایە، کەمێ شەرمیان ئەکرد لەکاری ڕەواو ناڕەوایی! ئەگەر هۆشیشیان هەبوایە، نایانتوانی خۆیان گێلکەن لەئاستی بەرانبەرەکانیاندا، ئویژدانیشیان هەبوایە نابون بەداگیر کەر، چونکە تائویژدان نەمرێ مرۆڤ نابێت بەدڕندە!! نەبێتیش بەدڕندە، ناتوانێت ببێت بەداگیر کەرو ڕەواو ناڕەوای لا یەکبێت!! لەکۆتایی وتارەکەمدا ئەمەوێت ئاماژە بەدو بەڵگەی تری زۆر ئاشکراو ڕون بکەم، بۆ کەسانێ ئەگەر توسقاڵێ شەرمو ئویژدانیان لاهەبێت ناتوانن نکۆڵی لەکوردستانی بونی کەرکوک بکەن، ئەویش ئەوەیە: باگۆڕستانێکی عەرەبیم بۆ بدۆزنەوە لەشارەکەدا کەمێژووەکەی بگەڕیتەوە بۆ تەنها پەنجاساڵێک، نەک زیاتر!! دیارە من باس لەتورکومان ناکەم، چونکە نکۆڵی لەوە ناکەم وەک نەتەوەی دوهەم چۆن بەملیۆنها کورد لەئەنقەرەو ئەستەنبوڵ ئەژێن، ئەوانێش هەرچەندە لەملیۆنیش کەمترن بەڵام مێژوێێکی دورو درێژە کەلەم شارەکوردستانیە وەکو برا پێکەوە ئەژێن، بەلام ئەگەر باس لە تورکومانستانی بکرێ ئەوە لەگێلیەتی زیاتر هیچی تر نیە!! چونکە ئەگەر وەکو قوبرسیش بەدەم خاکی تورکیاوەبووایە، دور نەبو مرۆڤی هۆشیاریش کەمێ بیری لێبکردایەتەوە! بەڵام بێجگەلەوەی کە کەرکوک زیاتر لەسێسەد کیلۆ متر لەسنوری دەوڵەتی تورکیای ئێستاوە دورەو، لەوسنورەشەوە لەسێسەد کیلۆ مەتر زیاتر بۆ قوڵایی دەوڵەتەکەشی هەر کوردستانەو داگیری کردووە، خۆ هێشتا ئەوێش یەکلایی نەبۆتەوە بۆیو یەکلاییش نابیتەوە بۆی، هەتاکو کوردێک مابێ، ئیتر نازانین ئەو هەڵوێستانە چیە، بەلای ئێمەوە لەگێلی زیاتر هیچیتر نیە، خۆ ئەگەر بەداگیرکاریش بێت بۆ عەرەب ئاسانترو ڕەواتریشە، بێگومان خوانەکەردان بگاتە ڕۆژێک کورد هیچ دەسەڵاتی نەمێنێت، هەر بەر تورکیا ناکەوێت، بۆیێ پێویست ناکات بایەخ بەولایەنە بدرێت، بەڵام بەلایەنی یابەی عەرەبیشەوە، ئەبێت شەرم بیان گرێت کەتاکو ئێستاشی لەگەڵدابیت ناتوانن بەناوە مێژوییەکەوە ناوی بینن وەک خۆی چونکە زمانی ڕەسەنی ئەوان نیە! هەروەک ئەبینن، لەجیاتی ووشەی (باوەگوڕگوڕ) تەعریبی ئەکەن وەک لەبەرچاوە بەنوسین و بەزمانیش ناوی ئەبەن بە (باباکرکر) نەشارەزاشن لە تایبەت مەندیەتی کولتوری باوەگوڕگوڕ، تاکو ئێستاش نازانن ئەو ناوە لەچیەوە هاتووەو واتای چی ئەگەیێنێت؟!! وەناشتوانن بەبێ تەعریب ناوی بێنن!! چونکە ئەو ووشەیە لەهیچ فەرهەنگێکی عەرەبیدا نیە!! پیروزی باوەگوڕگوڕ لەلای کورد لەبەر هۆکاری نەوتەکە نیە، بەڵکو هۆکاری ئاینیە؟! جاهەرچەندە ووتارەکەشمان زۆر ئەخایەنی ناچاریشین کەمێک ئەم خاڵە شێ بکەینەوە! ئاشکرایە ئەوئاگرە سروشتیەی لەوێدا هەیە مێژوێێکی دیاری نیە کەلەکەیەوە پەیدابووە، بەلای کوردەوە وەکو نورێکی خوداوەندی سەیر کراوە، ئەوەندە بەپیرۆزیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زانیوە، بەووشەی باوە، واتە (باوک) ناویان بردووە، ئەوەی کوردی باش بزانێت، ئەزانێ ووشەی (گڕ) بەو ئاگرە ئەڵێن کەلە شتێکدا ئەکەوێتەوە، بۆنمونە کاتێک یەکێ بیەوێت ئاگرێک بکاتەوە بەشتێک ئەگەر ئاگر نەگرێ، ئەڵێت نازانم بۆ ئاگر ناگرێت، بەڵام کە ئاگری گرت، ئەڵێت ئەوە گڕی گرت، واتە گڕ مەبەست لەئاگرەکەیە، کە بەشێوەیێکی سروشتیش لەهەر چووار وەرزەکەدا سوتاوە بەکارێکی پیرۆزی یەزدانیان زانیوەو، زیارەتیان کردووە، بەتایبەت ئەگەر ژنێک منداڵی بۆ بێت و کوڕی نەبوبێت، چوە بۆ ئەوێ بەبان چاڵە ئاگرەکاندا بازیداوەو وتویەتی (باوە گوڕگوڕ بە گوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم) بڕوای وابوە کەخوا کوڕی ئەداتی بەهۆی ئەوەوە!! دیارە ئەمەسەر گوزەشتەی باوەگوڕگوڕە کەعەرەب ئێستاش نایزانێت، ئیتر نازانین، چۆن شەرم نایان گریت کەباس لەکوردستانی نەبونی کەرکوک ئەگەن!! بەڵام دیارە کەبەیەکێک ئەڵێن گێل (مونافیق) لەبەر ئەوەیە کەلەڕاستیەکاندا لائەدات!! بۆیێ ئێمە ڕوی دەم ناکەینە گێلەکان (مونافیقان) بەڵکو مەبەستمان کەسانی ڕێزدارە، بابزانن کەناوی (باباکرکر) نیە بەڵکو (باوەگوڕگوڕە) تاکو شەرمکەن و بیسەلمێنن کە کەکوک شارێکی کوردستانیە!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.